# سڕینەوەی کۆلۆنیالیزم و خوێندنی باڵا*

شارۆن ستۆن و ڤانێسا دۆ ئۆلیڤێرا ئاندێرۆتی
و: ئاگری باجوەر

## پێشەکی

بە سەرنجدان بە ڕۆڵی سەرەکیی زانستگاکان لە بەرهەمهێنانەوەی کۆمەڵایەتی و لە خولقاندن و ڕەواییدان بە زانیاریدا، سڕینەوەی کۆلۆنیالیزم و جێگای ئەو لە خوێندنی باڵادا، لە هەردوو بواری بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و ڕەخنەی زانستی لە هەموو جیهاندا جێگای سەرنجی تایبەتە. سڕینەوەی کۆلۆنیالیزم دەکرێت بە شێوەیەکی بەربڵاو وەک چەمکێکی سابات لێی تێبگەین، لە پێناو هەوڵە جۆراوجۆرەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی دوو پێڤاژۆی جیاواز و لە هەمان کاتدا پێکەوەگرێدراوی بەکۆلۆنیکردن و بەتۆرەمەییکردنی(racialization)، بۆ گۆڕانکاریکردن و قەرەبووکردنەوە لەپەیوەندی لەگەڵ کاریگەرییە مێژوویی و بەردەوامەکانی ئەم پێڤاژۆگەلەدا و بۆ خولقاندن و زیندووڕاگرتنی ئەو شێوازگەلە لە زانین، بوون(being) و پەیوەندی، کە ئەم پێڤاژۆگەلە هەوڵی بنبڕکردنیان دەدەن. بەکۆلۆنیکردن و بەتۆرەمەییکردن، خاوەنی دوو ڕەهەندی ماددی و ناسیارییانن(epistemic)، کە پێکەوە بیچم بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەدەن و ئەو دەستەبەندییانە (category) بەپیرۆز دەکەن کە دواتر بۆ پاساوی ئەمانە بەکار دەبرێن: داگیرکردنی عەردی خۆجێیی؛ لێسەندنەوەی خاوەندارێتی و پرتێچووکردنی ژیانی ڕەش؛ سیستەمی جێندەریی دوانەی ناباوکسالار (heteropatriarchal)؛ بانگەشەی جیهانیبوونی ئاوەزی (reason) مۆدێرنی ڕۆژئاوا؛ بەئۆبژەکردن و بەکارهێنانی سروشت؛ پەیوەندییە خاوەندارێتییە سەرمایەدارانەکان و شێوازەکانی بەرهەمهێنان، میلیتاریزم؛ تاکگەراییی پاوانخوازانە (possessive individualism) و چەمکی تۆرەمە (race).

لە ژێر چەتری بەربڵاوی سڕینەوەی کۆلۆنیالیزمدا، ژمارەیەک پێکدژی، ناهاوڕابوون و ڕوانینی جۆراوجۆر بۆ داهاتووی سڕدراوە لە کۆلۆنیالیزم و ئامرازە بەردەستەکان بۆ گەیشتن بە ئەم داهاتووگەلە جیاوازە بوونیان هەیە. ئەم ڕوانینە ناکۆکانە ڕەنگە تەنیا ڕوانگەی یەک کەسیش بن. هەروەها مشتومڕی بەرچاو هەن لەسەر ئەوەی کە ئایا سڕینەوەی کۆلۆنیالیزم لەگەڵ پرۆژەکانی دیکەی یەکسانیدا یەکتر دادەپۆشن، یان دادەشکێت(reducible) بۆ ئەوان و یان نامۆیە پێیان. بەم شێوەیە، هەر هەوڵێک بۆ دەستنیشانکردنی سڕینەوەی کۆلۆنیالیزم و خوێندنی باڵا، نەخوازراو لەگەڵ تێگەیشتنە جۆراوجۆرەکان لە سڕینەوەی کۆلۆنیالیزم بۆخۆیدا ناکۆکە. ئەم بابەتە بەسەر مەودا گشتییەکانی سڕینەوەی کۆلۆنیالیزمدا دەچێتەوە و ئەو گریمانە، خواست و بابەتە پێکدژانە دەدۆزێتەوە کە دەبن بە هۆی ڕاڤەی (interpretation) جۆراوجۆر بۆ سڕینەوەی کۆلۆنیالیزم لە بەستێنی ئێستای خوێندنی باڵادا.

## هەوڵ و خواستەکانی سڕینەوەی کۆلۆنیالیزم

تەنیا یەک ڕابردوونامە (genealogy) بۆ سڕینەوەی کۆلۆنیالیزم بوونی نییە، بەتایبەتی ئەە بەرهەڵستیکردنی توندوتیژیی تۆرەمەیی (ra-cial) و کۆلۆنیالی لەسەدەی پانزدەهەمەوە و لە کاتێکەوە کە ئورووپا بۆ یەکەم جار دەستی کرد بە پرۆژەی زاڵبوونە جیهانییە نوێکەی و لێسەندنەوەی خاوەندارێتی لە ڕێگای بەکۆیلەکردنی ڕەش و بەکۆلۆنیکردنی خۆجێییەوە، بوونی هەبووە. بەهەرجۆرێک بێت، زۆرێک چەمکی سڕینەوەی کۆلۆنیالیزم دەگەڕێننەوە بۆ بزووتنەوە دژەکۆلۆنیالییەکانی ناوەڕاستی سەدەی بیستەم لە ئافریقا و ئاسیادا، کە بەدوای ئەوەوە بوون قانوونە کۆلۆنیالییەکانی ئورووپا لابەن، و هاوکات دەیگەڕێننەوە بۆ بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی مافی چارەنووسی خۆجێیی و دژەتۆرەمەخوازی (antiracist) لەناو کۆلۆنیالە جێگرتووەکان (settler colonial) و نەتەوە ئورووپاییەکاندا بەدرێژەی دەیەکانی ١٩٦٠ و ١٩٧٠. ئەگەرچی هەوڵەکای سڕینەوەی کۆلۆنیالیزم بە هێندێک چرکەسات و سەردەمی دیاریکراودا دەناسرێنەوە، بەڵام ڕەنگە بکرێت زیاتر لە ڕووداو یان کۆمەڵە

ڕووداوێکی جیاواز، وەک کۆمەڵێک پێڤاژۆی بەردەوام و جۆراوجۆریش لێی تێبگەین.

ئەمرۆکە، ڕەنگە بکرێت خواستە جۆراوجۆرەکان بۆ سڕینەوەی کۆلۆنیالیزم لە سێ بابەتی سەرەکیدا کورت بکرێتەوە: ١ بەکۆلۆنیکردنی بەردەوامی خەڵکی خۆجێیی لە وڵاتانی کۆلۆنیالیی جێگرتوودا ،هەروەها میراتە بەردەوامەکانی بەکۆلۆنیکردنی ڕەش و چاوەدێریی توندوتیژی سنوورە نەتەوەییەکان؛ ٢ کاریگەرییە نەخوازراو و کەڵەکەبووە کۆمەڵایەتی، ئابووری و ناسیارییەکانی سەدەکانی کۆلۆنیالیزم و کۆیلەداری بۆ ئاکنجی(نشتەجێ)یانی هەموو جیهان؛ ٣ بیناکردنی بەردەوامی حوکمداریی جیهانیی کۆلۆنیالی، وەک سیاسەتە قەرزییەکانی سندووقی نێونەتەوەییی پووڵ و بانکی جیهانی، کۆنترۆڵکردنی توندوتۆڵی کۆچ لە ئوروپادا و بانگەشەی بەردەوامی نەتەوەکانی ڕۆژئاوا بۆ مافی چاوەدێریکردنی جیهان (لە بواری نیزامی و ئەوانی ترەوە )، کە هەمووی ئەمانە لە پێناو پاراستنی زاڵبوونی ڕۆژئاوا و پەرەپێدانی سنوورەکانی سەرمایەداریی جیهانیدان.

بەسەریەکەوە، ئەم ڕەخنەگەلە لە سڕینەوەی کۆلۆنیالیزم و ڕەخنەکانی تر، ئاماژە بە ناسینەوەی بەردەوامبوونی سیستەمی جیهانیی مۆدێرن، سەرمایەداریی کۆلۆنیالی، باوکسالارانەی ڕۆژئاواتەوەر و مەسیحیتەوەر دەدەن. (grosfoguel 2012, p.82) و پێیان وایە پێویستە سڕینەوەی کۆلۆنیالیزم پرۆژەیەکی جیهانی بێت، تەنانەت ئەگەر لە کات و شوێندا بەڕێگەی جیاواز دەربکەوێت. بۆ وێنە، یەکێک لە پێشکەوتنە بەرچاوەکان لە پەیوەندی لەگەڵ سڕینەوەی کۆلۆنیالیزم و خوێندنی باڵا لە ئامریکای لاتیندا گەشەسەندنی ئەو زانستگا نێوفەرهەنگییانە(Intercultural) بووە کە خۆسەر بوون و دەوڵەت پشتی گرتوون پێیان لەسەر ناسیاریناسینی (epistemol-ogy) خۆجێیی و گرینگیی تێکەڵاویی ئاسۆیی لەگەڵ کۆمەڵە ناوچەییەکاندا داگرتووە. بەگشتی، ئەم بابەتە پێ لەسەر سڕینەوەی کۆلۆنیالیزم و خوێندنی باڵا لە بەستێنی ویلایەتە یەکگرتووەکان و کانادادا دادەگرێت.

### بەمێژوویکردنی (historicizing) سڕینەوەی کۆلۆنیالیزم و خوێندنی باڵا

لێکۆڵەران زۆر ڕێگایان دەستنیشان کردووە کە تێیاندا زانستگا مۆدێرنەکان، لە دەستپێکردنیانەوە، لە بەکۆیلەکردن و بەتۆرەمەییکردندا هاوکار بوون و کەڵکیان لێ وەرگرتووە. لێسەندنەوەی خاوەندارێتیی عەردە خۆجێییەکان(indigenous lands) وەک مەرجێکی ئیمکانیی پێویست بۆ دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا و کانادادا بووە و هەروەها ماوەتەوە و زۆرێک لە دامەزراوە سەرەتاییەکان لەکاتی دروستکردنی باڵەخانەکانیاندا بەزۆر کاریان بە کۆیلەکان دەکرد و یان بەو سامانە دامەزران و پشتگیریی ماڵی کران کە لەڕێگای کۆیلەداری و کۆلۆنیالیزمەوە کەڵەکە بووبوون (wilder 2013). هەروەها زۆرێک لە دامەزراوە ڕۆژئاواییەکانیش بەقووڵی بەشدار بوون لە پێرستکردنی (catalogu-ing) کۆلۆنیالیستیی زانیارییە ناڕۆژئاواییەکان و بەرهەمهێنانی زانیاری بۆ پشتیوانی لە تۆرەمەخوازیی (racism) زانستی و جۆرەکانی تری دەستەبەندییە کۆلۆنیالی و تۆرەمەییەکان کە بۆ پاساوی تواندنەوەی(assimilation) زۆرەملێ، داگیرکاریی نیزامی و تەنانەت نەهێشتنی جەماوەری ناسپی بەکاردەهاتن (Said1978;Smith2012). لە ئاکامدا، هێندێک پێیان وابووە کە زاڵ بوونی خێرا و بەیەکجاریی ناسیاریی(شێوازی زانیاری) مۆدێرن، ڕۆژئاوایی، سێکۆلار و بەرواڵەت جیهانی، تەنیا لە بەستێنی پرۆژەکانی ئوروپا بۆ سەرکەوتن و بەکۆیلەکردندا بەئاکام دەگەیشت (Spivak 1988 ;Wynter 2003).

کەوابوو، پێکدژییەکی بنەڕەتی کە لە هەڵچنینی زانیاریی کۆلۆنیالیدا هەیە ڕێگە بە

هەرجۆرە هەوڵێک بۆ سڕینەوەی کۆلۆنیالیزم لە دامەزراوە هەنووکەییەکاندا دەگرێت : بانگەشەی جیهانیبوونی زانیاریی ڕۆژئاوایی تەنیا لە دژایەتی لەگەڵ تایبەتبوون و بەشبوونی(partiality) زانیاریی ناڕۆژئاواییدا دەکرێت بەرگریی لێ بکرێت. ئەمڕۆکە، دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا درێژە بە بەرهەمهێنانەوەی پلەبەندییەکی (هیرارشی) ناسیاریناسانە دەدەن کە تێیدا وەها دەردەکەوێت کە زانیاریە ڕۆژئاواییەکان بە شێوەیەکی جیهانی، بابەتییانە و بەبایەخن، لەکاتێکدا کە زانیارییە ناڕۆژئاواییەکان یان وەک "فەرهەنگی ناوچەیی" ڕێزیان لێ دەگیرێت کە بۆ بەرژەوەندیی ڕۆژئاوا بە شتومەک و... دابین کراون، یان لە بنەڕەتەوە هەر وەک زانیاری ناناسرێنەوە. بەرنامەی وانەکان لەژێر دەستی ناسیاریناسینی ڕۆژئاوا و بەتایبەتی زانست و تێکنۆلۆژیی ڕۆژئاواییدا دەمێنێتەوە و توێژینەوەیش لەم بوارگەلەدا بە یارمەتیدان و جۆرەکانی تری پشتیوانی و پشتڕاستکردنەوەی دامەزراوەیی خەڵات دەکرێن.

زاڵبوونی ناسیاریناسانەی ڕۆژئاوا تەنیا لە زانکۆ و زانستگاکانی ڕۆژئاوادا ڕووی نەداوە، بەڵکوو لە ناڕۆژئاوایشدا، واتا لە شوێنێک کە دامەزراوە ڕۆژئاواییەکان بەزۆری وەک وێنەی ئیدئالی زانستگا دەبیندرێن، بوونی هەیە. (nandy 2000). ئەمە زۆر کەسی هێناوتە سەر ئەوەی کە پێ لەسەر سڕینەوەی کۆلۆنیالیزم لە بیردا decolonizing the mind) (Thiong’o 1986) و چەسپاندنی یەکسانیی ناسینی (cog-nitive justice) لە توێژینەوە و بەرنامەی وانەکان لە خوێندنی باڵادا دابگرن (sousas-antos 2007). کەسانی تر ئاماژە بە مەترسییە دەرنەکەوتووەکانی(potential) پێداگرتن لەسەر ڕەهەندە ناسیارییەکانی سڕینەوەی کۆلۆنیالیزم تەنانەت بە بەهای پێکدادانی ماددیی زۆرتر لەسەر عەرد و قەرەبووکردنەوەکانی تر دەکەن (Tuck and Yang 2012). بەگشتی، تەنیا ئەم دوانە نین و داخوازی بۆ سڕینەوەی کۆلۆنیالیزم لە هەردووی ئەم ڕوانینانەدا (perspective) و بەزیادەوە، بە شێوەیەکی زێدەبوو لەناو شارە گەورەکانی وڵاتانی داگیرکەری پێشوو، نەتەوە کۆلۆنیالە جێگرتووەکان و وڵاتە پێشتر بەکۆلۆنیبووەکاندا، لەلایەن خوێندکاران، مامۆستایان و چالاکڤانانی هەموو جیهان لە هەردوو زانستگا ڕۆژئاوایی و زانستگا بەڕۆژئاواییبووەکاندا، دێنە ئاراوە.

ئەم هەوڵانەی دوایی ناتوانرێت لە بزووتنەوەکانی پێشووتر لە ساڵەکانی ١٩٥٠دا، ەه بوو بەهۆی هاوچەشنکردنی (desegrega-tion) دامەزراوە بەمێژوویی سپییەکان و دواتر بزووتنەوە خوێندکارییەکان لە ساڵەکانی ١٩٦٠و ١٩٧٠دا کە داواکاریی هەبوو بۆ گۆڕانکاریی دامەزراوەیی بەیەکجاری، لەڕێگای سڕینەوەی بەڕۆژئاواییکردنی(de-westernization) بەرنامەی وانەکان و بەرهەمهێنانی زانیاری و دابەشکردنەوەی بەرچاوتری سەرچاوە ماددییەکانەوە، جیا بکرێتەوە. بەتایبەتی، ئەم بزووتنەوەگەلە دژی ئەوە بوون کە خەڵکی بەتۆڕمەییبوو و خۆجێیی وەک ئۆبژەی زانیاری لەبەرچاو بگیردرێن و بەدوای ناسرانەوەی دامەزراوەیی و پشتیوانی لە خۆیانەوە وەک سووژەی زانیاری بوون. بزووتنەوەگەلی ئەوتۆ هەموو داخوازییەکانیان جێبەجێ نەبوون، بەڵام لەزۆر جێگادا، گەیشتن بە ئامانجی بەدامەزراوەییکردنی بەرنامەکانی خوێندنەوەی ئێتنیکی و ژنان، هەروەها خولقاندنی ناوەندگەلی فەرهەنگیی خوێندکاران و بەڕێوەبردنی بەرنامە فەرهەنگییە تایبەتەکان لە شوێنە کراوەکاندا (Ferguson 2012). هەر لەو کاتانەدا، زانکۆ و زانستگا کۆنترۆڵکراوە خۆجێییەکان لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا و کانادادا دامەزران.

بەگشتی، ئەمڕۆکە زۆربەی ئەم بەش (Department)، بەرنامە و دامەزراوەگەلە بۆ وەرگرتنی پشتگیریی ماڵیی پێویست لە کێبڕکێدان. لە ڕاستیدا، داخوازییە نوێترەکان بۆ سڕینەوەی کۆلۆنیالیزم لە نارازیبوونێکی گەشەسەندوو لەو بەڵێنە لاواز، بێڕێزیکەر و مەرجدارانەوە دێن کە بۆ وەرگرتنی ڕوانین، خەڵک

و شێوازەکانی بەرهەمهێنانی زانیاریی ناسپی/ ڕۆژئاوایی لە دامەزراوە سەرەکییە بەمێژووییە سپی یان ژێر دەسەڵاتی سپییەکاندا درابوون (Ahmed 2012 ; nandy 2000). ئەو ڕاستییەی کە خوێندکار و مامۆستا ناسپییەکان بەگوێرەی پێویست نوێنەریان لە خوێندنی باڵادا و بەتایبەتی لە پێگە و دامەزراوە هەرە ناسراوەکاندا نییە، بێ هیواییەکی زۆرتری بەرهەم هێناوە. هەروەها، ئەم بێ هیواییە بەهۆی بەتایبەتکردنی زێدەتری خوێندنی باڵای گشتی، لاوازکردنی بەڵێنەکانی پشتگیری و هەڵبژاردنی دامەزراوەییی ئەو داخوازیگەلەی کە دەیەکانی پێشووتر بۆ گۆڕانکاریی بنەڕەتی پێشکەش کرابوون، قووڵتر بووەتەوە.

## ئیمکانەکانی سڕینەوەی کۆلۆنیالیزم لە خوێندنی باڵای ئەمڕۆدا

لەم پێکەوەگرێدراوییەی ئێستادا، کۆمەڵێک پرسیار لە پەیوەندی لەگەڵ ئیمکانەکان بۆ گۆڕانکاریی دامەزراوەیی و هەروەها ئاسۆ خوازراوەکانی گۆڕاندا دروست بوون. لەمەدا، ئاڵۆزییەکی بەرچاو هەیە لەسەر سروشتی بەڕواڵەت جیهانیی دامەزراوەگەلی وەک زانکۆ و زانستگاکان و داخوازیی تاکە بژاردەکان بۆ وەرگیران لەناو ئەو دامەزراوەگەلەدا، بەجۆرێک کە وەرگیرانەکانیان مەرجدار دەمێنێتەوە بە پلەی جیاوازبوونیان بەپێی پێوەرێکی جیهانی. لە وڵامدا، هێندێک کەس بەرگری لە پێویستیی دیسان بیرکردنەوە لە زانستگا وەک شوێنێکی فرەچەشن(pluri-versity)لەجیاتی شوێنێکی یەکچەشن (uni-versity)، دەکەن (Boidin et al 2012).

بەگشتیتر، پرسیارەکان لەسەر ئەوە دروست بوون کە تا چ ڕادەیەک دەکرێت ئەو دامەزراوەگەلەی کە لەلایەن دەوڵەت-نەتەوە و سەرمایەوە پشتیوانی دەکرێن، لە کۆلۆنیالیزم بسڕدرێنەوە و یان ئەم دامەزراوەگەلە دەتوانن شوێنێک دابین بکەن کە پرۆژەکانی سڕینەوەی کۆلۆنیالیزم تێیدا بیریان لێ بکرێتەوە و دابڕێژرێن. بۆ وێنە، تا چ ڕادەیەک ئەم دامەزراوەگەلە بە بێ گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتیی گەورەتر دەتوانن بگۆڕدرێن؟ لە کاتێکدا کە زانستگاکان بۆ پشتیوانی لە ڕێڕەوێکی زانیاریی کۆلۆنیالی خولقاون و ڕاهاتوون و بەرەو لای بەرهەمهێنانەوەی سیستەمی کۆمەڵایەتیی هەنووکەمان دەڕۆن. ئەگەری هەیە ڕێبازگەلێکی زانیاری نە ڕێڕەوی کۆلۆنیالیی زانیاری بەرهەم بهێننەوە و نە بە کەڵک وەرگرتن لە چەمکە کۆلۆنیالییەکان دژی بوەستنەوە؟ تەنانەت مومکین یان خوازراوە کە زانیارییە جێگرەوەکان(alternative) بە سەرنجدان بەوەی کە ئەوان ڕەنگە بە گوێرەی شێوازە هەنووکەییەکانی بەرهەمهێنانی زانیاری نامۆ بن، لەناو دامەزراوەکانی پەروەردەی هەنووکەدا بەرهەم بهێنرێن؟

درێژەی ئەم بابەتە بە وڵامی ئەم پرسیارانە و پرسیاری تر لە پەیوەندی لەگەڵ سڕینەوەی کۆلۆنیالیزم و خوێندنی باڵادا دەچێتەوە، و کورتکراوەی سێ ڕێبازی ڕەخنەگرانەی جیاواز بۆ توندوتیژیی کۆلۆنیالی و تۆرەمەیی لە بەستێنی زانکۆ و زانستگا هاوچەرخەکاندا دەخاتە بەردەست؛ ئەمە ئەو بۆچوونانە لە خۆ ناگرێت کە ئەم توندوتیژییە بە گرفت نازانن.

## سێ کۆمەڵە وڵام

یەکەم دەستەی وڵامەکان، پێ لەسەر دەستتێوەردانە تاکەکەسی و دامەزراوەییەکان دادەگرێت کە لەسەر بابەتگەلی وەک نوێنەرایەتیی ڕێژەیی، بەرگریکردنی زیاتر لە ژمارەی زێدەبووی خوێندکار و مامۆستای خۆجێیی، بەتۆرەمەبوو و کەمداهاتەکان و تەواوکەریی بەرنامەی وانەکانی هەنووکە لەگەڵ ڕوانینە ناڕۆژئاواییەکاندا، چڕ دەبێتەوە. لێرەدا لەجیاتی سڕینەوەی کۆلۆنیالیزم، ئامانج فرەچەشنییەکی زێدەبووە، کە دانپێدانان و لەخۆگرتنێکی ئەوتۆی جیاوازییەکان لەناو دامەزراوە هەنووکەییەکاندا پیشان دەدات، کە بەشێوەیەکی بەرچاو پێوەرە هەنووکەییەکانی

سەرکەوتن و پێکهاتەی دەسەڵات تووشی ئاریشە ناکات. لەناو ئەم پێگەیەدا، پرسەکانی تۆرەمەخوازی و کۆلۆنیالیــزم بەزۆری لەئاســتی تاکەکەســیدا دەستنیشــان دەکرێن. کەوابوو، بایەخ بە نەزانین یــان بەرچاوتەنگیی تاکەکانی ســەر بــە تاقمە دەسترۆیشــتووەکان و هەوڵ بۆ ڕاستکردنەوەیان لــە ڕێــگای زانیاریدانــی زۆرتــر و سیاســەتە دامەزراوەییە دروستەکانەوە دەدرێت. هەروەها بۆ تاکەکان لە تاقمە پەراوێزخراوەکان، پێ لەســەر بردنەســەرەوەی توانایی و سامانی کۆمەڵایەتییان دادەگیرێت، بۆئەوەی باشتر تەیار ببن بۆ کێبڕکێی ســەرکەوتووانە بۆ جێگۆڕکێ(mobility) لەناو سیســتەمی هەنووکەدا. بەهۆی نەبوونی شرۆڤەی پێکهاتەییەوە، پرسی دابەشــکردنەوەی نەباشی دەســەڵات، ســامان(Wealth) و دەرفــەت لە پەراوێــزی [چەمکــی] تۆرەمــەدا داناڕێژرێتەوە (problematisation). لەئاکامدا، خواستێک بۆ دابەشــکردنەوە بوونی نییە و حەزی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەســەر بنەمــای کێبڕکێ لە پێناو ســەرچاوە دەگمەنەکاندا بە ئاسایی و بە بێ دردۆنگی دەچێتە پێــش. هەروەها، وەرگیران بە زۆری وەک خەڵاتێکی بەخشــندانە پێدەزانرێت، بــە جۆرێک کە چاوەڕوانی لە تاکە ناســپییەکان هەیــە کە پێزانینــی خۆیان دەرببــڕن و خۆیان لە خۆجیاکردنەوەی زۆرتــر بپارێزن. ڕەخنە یان داخوازییە بنەڕەتییەکانی تر ڕەنگە وەک پێنەزانین و خەســارهێنەر و یــان نامەدەنــی ببیندرێن و بسڕدرێنەوە. بەم شێوەیە، سنوورەکانی دامەزراوەکە و شێوازە دانپێدانراوەکانی بەرهەمهێنانی زانیاری و ڕەخنەدا هێشتا بە توندوتۆڵی لەلایەن پێکهاتەکانی دەسەڵاتی ســەرمایەدارانە و سپییەوە چاوەدێری دەکرێــت. زۆرینەی کــردەوەی دامەزراوەییەکان لەپەیوەنــدی لەگــەڵ کۆلۆنیالیــزم و تۆرەمەدا دەکەونە ناو ئەم دەستەیە.

دەســتەی دواتری وڵامەکان لەسەر شرۆڤەی سیستەماتیکی خولقاندنی نایەکسانی چڕ دەبێتەوە و بــە دۆزینــەوەی هێژمۆنیی ناسارینانــە لە خوێندنی باڵادا دەناســرێتەوە. ئەم شــرۆڤەگەلە، پێ لەســەر ئــەو ڕێگایانە دادەگرن کــە تێیاندا خەســارەکانی بەکۆلۆنیکردن و بەتۆرەمەییکردن لــە ڕێــگای پێکهاتــە دامەزراوەییــەکان و ئەو مەنتقگەلــەوە کــە بــە بەردەوامی هیرارشــیی ئابــووری و تۆرەمەییی هەنووکە بەرهەم دێننەوە، ســەرچاوەکان بەرێــگای هەرە خــراپ دابەش دەکەنەوە و بەشێوازی بەکارهێنەرانە (exploit-atively) هێزی کار و ســەرچاوە هێماییەکان لــە تاقمــە پەراوێزخراوەکانــدا هەڵدەبژێرن و بۆ کەڵەکەکردنی ســامان بۆ ئەوانەی لە دەسەڵاتدان کەڵکیان لێ وەردەگرنەوە، دەردەکەون. ڕەخنەکان لەم ڕوانینەوە بەرەو ئەولا دەچن کە پێ لەســەر یەک یــان ڕەنگــە دوو ڕەهەنــدی توندوتیژیی کۆمەڵایەتی، وەک ســەرمایەداری، تۆرەمەخوازی (Racism)، باوکســالاری، جیاپێوەری (heter-onormativity) نەتەوەخوازی، یان کۆلۆنیالیزم دابگــرن، بــەڵام ڕەنگــە هەموویــان پێکــەوە نەبەستنەوە. داخوازی بۆ گۆڕانکاریی دامەزراوەییی بەرچاو، لەسەر دابەشکردنەوەی سەرچاوە ماددی و ناســیارییەکان و زەقکردنــەوە و بەهێزکردنی خوێندکار و مامۆستا داپڵۆسراوەکان چڕ دەبێتەوە. هەروەها داخوازیی بەرچــاو بۆ قەرەبووکردنەوەی دامەزراوەیی بۆ بەشداریی بەردەوام و مێژوویی لە توندوتیژیدا پێشکەش دەکرێن، بۆوینە، داخوازی بــۆ گۆڕینی ناوی ئــەو باڵەخانانــەی کە لەپاش کۆتاییهاتنی کۆیلەداری ناو نراون، بێبەشــکردن لە سووتەمەنییە فۆســیلییەکان، یان لەبەندیخانە کردن، یان بەخشــینی بەشــەخوێندنی ئازاد بە خوێندکارە خۆجێیی و ڕەشــەکان. ڕێچکەگەلی گــۆڕان لــەم دەســتەیەدا ڕەنگــە وەک "وتنی ڕاســتییەکان بۆ دەســەڵات" لەڕێگای ڕەخنەوە، هــاوکات لەگەڵ کــردەوەی ڕاســتەوخۆ و یان ڕەنگە لێ سەندنەوەی مافی بنەڕەتیی وەرگیران، دەربکەون. هەوڵەکانی ئەم ڕوانگەیە بە شێوەیەکی مێژوویی بــوون بە هۆی گۆڕانکاریی دامەزراوەیی بەرچاوی وەک، ســڕینەوەی قانوونیی(de jure) جیاوازییەکان و دامەزراندنی بەشــی خوێندنەوە ئێتنیکییــەکان، ئەگەرچی لــەولاوە هەڵبژاردنی

دامەزراوەیــی بەبەردەوامی هەڕەشــەی تێکدانی داخوازییــە بنەڕەتییــەکان دەکات. هەروەهــا وڵامەکان لەم دەستەیەدا، ڕەنگە لانیکەم هێندێک بەش لەو سیســتەمەی کــە ڕەخنەی لێ دەگرن بەرهــەم بهێنێتــەوە، چونکە ئاســتەمە هەموو هۆکارەکانــی کۆلۆنیالی بە جارێک تێک بدات، بە تایبەتی لەکاتێکدا کە خواســتێک بۆ تێگەیشتن مابێتــەوە بۆئــەوەی کە داخوازەکانی کەســێک لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە بیسترێت.

دوایــن دەســتەی وڵامەکان، پێ لەســەر هێژمۆنیــی هەبووناســانە (ontological) دادەگرێت، کە زانســتگاکانی ئێستا پێکدەهێنێت و ئاراستەیان دەکات و ئەو سیستەمە لەبنەڕەتەوە توندوتیــژ و هەڵنەکــەرە دەستنیشــان دەکات کــە تێیدا جێی گرتووە. ئــەم ڕێچکەگەلە پێیان وایــە کــە بوونــی (existence) مۆدێــرن بۆ بەردەوامبوونی، بەستراوەتەوە بە بەکۆلۆنیکردن و بەتۆرەمەییکردنەوە، کەوابوو بیر لە ســنوورەکانی ئەوجــۆرە لە گۆڕانــکاری دەکاتــەوە کە "وەک دەزانیــن " لــە خوێندنی بــاڵادا ڕێگەپێدراون، بەتایبەتــی لەو کاتەوە کە لــە لایەن دەوڵەت — نەتەوە و سەرمایەوە دامەزراون و داڕێژراون. چونکە قەیرانەکانی ئێستای زانستگاکان، دەبەسترێنەوە بە کۆی ڕابردووی مۆدێرنیتە و مەرجەکانی ئیمکانی کۆلۆنیالــی و تۆرەمەییــی ئەووە، لــە کۆتاییدا وادەزانرێت کە چاکسازی مومکین نییە و ئەوەی پێویســتە بیرکردنەوە و خولقاندنی داهاتووی لە بنەڕەتەوە جیاواز و نەناســراوە بۆ خوێندنی باڵا و بوارەکانی تر. بەم شــێوەیە، بۆ وێنە، ئەم پێگەیە ڕەخنە لەو ڕاستییە دەگرێت کە دەستڕاگەیشتنی بەربڵاوتــر بە خوێندنــی باڵا بەســتراوەتەوە بە خواســتی لەبەرچاوگرتنی نۆرمــە دامەزراوەییە هەنووکەییــەکان. بــەڵام هەروەهــا ئامــاژە بەوەیش دەدات کە دەستڕاگەیشــتنی بەربڵاوتر بە سیســتەمێکی خەسارەومەن (ســەرمایەدار) مەرج نییە لە خەســارەکانی ئەو سیستەمە کەم بکاتــەوە. لێــرەوە بۆچوونە جیاوازەکان لەســەر ئەوەی لە کورتخایەندا دەبێت چی بکرێت، ئەمانە لەخۆدەگرێــت، لابردنی زانســتگا، کــە بەواتای دابینکردنی ســەرچاوەکانی بــۆ بەکارهێنان لە پــرۆژە بناژۆییەکانیدایە، ئەزموونکردنی شــێوازە جێگرەوەکانی ڕێکخســتنی پــەروەردە، بۆ وێنە، خولقاندنی زانســتگا ئێکۆلۆژیکە خۆســەرەکان؛ یان کەڵک وەرگرتن لە شــوێنی زانستگاکان بە فێربوون لــە هەڵەکانی ڕابــردوو و تەیاربوون بۆ گواسترانەوە بۆ داهاتوویەکی جیاوازی سڕدراوە لە کۆلۆنیالیزم. ئەم بۆچوونە پێ لەســەر پەیوەندییە دوانــە و هاودەســتییە پێکــدژەکان دادەگرێت کە ئاکامی خواســتە ناکۆکەکان بۆ ســڕینەوەی کۆلۆنیالیزم و جێبەجێکردنــی ئەو بەڵێنیگەلەن کە سیســتەمی کۆلۆنیالی پێشــنیاریان دەکات. هەروەهــا ئــەم بۆچوونــە دان بە پێویســتیی هەوڵەکانی کەمکردنەوەی خێرای خەســار لە ناو خوێندنی باڵادا دەنێت، کە پێشــتر لەلایەن دوو بۆچوونەکەی ترەوە دیــاری کرابوون، ئەگەرچی بــە گشــتی وا دیارە ئەمانــە زۆرتــر ئاماژەکان دەستنیشان بکەن لە جیاتی ڕیشەی خەسارەکان و بۆیە وەک دوایین ئاســۆی ئیمکانی سڕینەوەی کۆلۆنیالیــزم نابینرێن. ئەمە لــە خوارەوەدا ڕوون دەبێتەوە.

بە هیچ پێوەرێکی ئاکادێمیکی ناسراو، ناتوانین بەشــێوەیەکی هزرمەندانە ڕێگاکەمان لەدەرەوەی بەکۆلۆنیبوونەوە ڕەگاژۆ بکەین. ناتوانین ڕێگاکەمان لەدەرەوەی مۆدێرنیتەوە بــڵاو بکەینەوە. ناتوانین ڕێگاکەمان لەدەرەوەی هێژمۆنیی ناسیاریناسانەوە بخوێنینەوە (Burman 2012, p 117).

لەکاتێکــدا ئــەم ســێ ڕێبــازە بــەزۆری بەشــێوەیەکی جیــاواز و نامۆ تیۆریــزە کراون، بەکــردەوە خەڵک بەرەولای ئــەوە دەڕۆن کە بە شێوەیەکی ســتراتێژیک و بە بێ هۆ، لەم ڕێبازە جیاوازانــە کەڵــک وەربگرن، کــە زۆربەی کات بەســتراوەتەوە بەوەی کە لە هەر هەلومەرجێکدا چ شــتێک مومکیــن و خــوازراوە. ســڕینەوەی کۆلۆنیالیزم لە بەستێنی دامەزراوەکانی خوێندنی باڵای هەنووکەدا پێڤاژۆیەکی بەردەوام، ئاریشــە، شپرز و زۆربەی کات پێکدژە.

## له كۆتاییدا

سڕینەوەی کۆلۆنیالیزم زۆربەی کات وەک ڕووداوێکی لێکدابڕان لە پێڤاژۆیەکی تایبەت یان بەکۆلۆنیال زانراو و لەئاکامدا نەخوازراودا دەردەکەوێت. بەهەرجۆرێک بێت، ئەم بەچەمک کردنە (conceptualization) لەسەر بنەمای شرۆڤەیەکی بەتەواوەتی هەڵبژێردراوی کۆلۆنیبوون و بەکۆلۆنیکردن دامەزراوە. وەگەڕخستنێکی (mobilization) جێگرەوە بۆ سڕینەوەی کۆلۆنیالیزم لە پەروەردەدا، لەبەرچاوگرتنی هێز، گشتگیربوون و ئاڵۆزیی تێگەیشتن و پەیوەندییە کۆلۆنیالییەکان، ڕەنگە سڕینەوەی کۆلۆنیالیزم وەک پێڤاژۆیەکی بۆهەمووکات و گشتگیر لێ بکات، کە لێوانلێوە لە ئاریشە، داخوازیی پێکناکۆک و دەرهاویشتەی نادیار. خوێندنی باڵا وەک بەشێک لەم پێڤاژۆیە، ڕەنگە یەکێک لەو زۆر شوێنگەلە بێت کە تێیدا جیهانی مۆدێڕنی کۆلۆنیال بە ناسروشتی دەکرێت، دەست بە سنوورەکانی ئەوەی لەناویدا مومکینە دەگات و شتە بەڕواڵەت نامومکینەکان ئەزموون دەکرێن، بە بێ ئەوەی بیر لەوە بکرێتەوە کە وەها کارێک هیچ کات ناتوانێت بێبەش بێت لە هاوبەشی لە خەسارەکانی کۆلۆنیالیدا.

*. Sharon Stein and Vanessa de Oliveira Andreotti. “Decolonization and Higher Education.” In Encyclopedia of educational philosophy and theory. Edited by M. Peters (Singapore: Springer Science + Business Media, 2016)

Sharon Stein, University of British Columbia – Vancouver
Vanessa de Oliveira Andreotti, University of British Columbia – Vancouver

## سەرچاوەکان

Ahmed, S. (2012). On being included: Racism and diversity in institutional life. Durham: Duke University Press

Boidin, C., Cohen, J., &Grosfoguel, R. (2012). Introduction: From university to pluriversity: A decolonial approach to the present crisis of western universities. Human Architecture, 10(1), 1–6.

Burman, A. (2012). Places to think with, books to think about: Words, experience and the decolonization of knowledge in the Bolivian Andes. Human Architecture: Journal of the Sociology of Self-Knowledge, 10(1), 101–119.

Ferguson, R. A. (2012). The reorder of things: The university and its pedagogies of minority difference. Minneapolis: University of Minnesota Press.

Grosfoguel, R. (2012). The dilemmas of ethnic studies in the United States: Between liberal multiculturalism, identity politics, disciplinary colonization, and decolonial epistemologies. Human Architecture: Journal of the Sociology of Self-Knowledge, 10(1), 81–90.

Nandy, A. (2000). Recovery of indigenous knowledge and dissenting futures of the university. In S. Inayatullah& J. Gidley (Eds.), The university in transformation: Global perspectives on the futures of the university (pp. 115–123). Westport: Bergin and Harvey.

Said, E. (1978). Orientalism: Western conceptions of the orient. London: Penguin Books.

Smith, L. T. (2012). Decolonizing methodologies: Research and indigenous peoples (2nd ed.). New York: Zed Books.

Sousa Santos, B. D. (2007). Beyond abyssal thinking: From global lines to ecologies of knowledges.
Review (Fernand Braudel Center), 30, 45–89.

Spivak, G. C. (1988). Can the subaltern speak? In C. Nelson & L. Grossberg (Eds.), Marxism and the interpretation of culture (pp. 24–28). Champaign: University of Illinois Press.

Thiong’o, N. W. (1986). Decolonising the mind: The politics of language in African literature. London: J. Currey.

Tuck, E., & Yang, K. W. (2012). Decolonization is not a metaphor. Decolonization: Indigeneity, Education & Society, 1(1), 1–40.

Wilder, C. S. (2013). Ebony and ivy: Race, slavery, and the troubled history of America’s universities. New York: Bloomsbury Publishing.

Wynter, S. (2003). Unsettling the coloniality of being/power/truth/freedom: Towards the human, after man, its overrepresentation – An argument. CR: The New Centennial Review, 3(3), 257–337.